بەدری تەوحیدی

# پارلمانی کوردستان فرەژنی کرد بە قانون

ڕۆژی 27ی مانگی ئۆکتۆبری 2008 ، ڕۆژێکی تاڵە بۆ گشت ژنانی کوردستان، ڕۆژێکە لەو ڕۆژانە کە هەمو ژنێک و هەمو تیکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاری ژنان هەست بە وەرگەڕانەوەی مێژوی گەلی کورد دەکا. لەو ڕۆژەدا زۆرینەی نوێنەرانی پارلمان، ئەو کەسانەی بەڵێنیان دابو بە دوای ڕوخانی ڕێژیمی سەدامدا کوردستان بەرەو پێش بەرن، لە نێو ناباوەڕی دانیشتوانی کوردستاندا و بە شانازیەوە بڕیاریاندا کە پیاوانی ئەم وڵاتە ئەگەر پێیان خۆش بێ و توانای ماڵیان هەبێ، مافی ئەوەیان هەیە کە ژنێک و دوو ژن و سێ ژن و تا چوار ژنی شەرعیش بێنن.

پارلمانی کوردستان لە سەر وێرانەکانی ڕێژیمی بەعس دامەزراوە، پارلمانی کوردستان بەرهەمی ساڵانێکی دوروردێژ لە خەبات و قوربانی گەلی ڕاپەڕیوی کوردە. پارلمانی کوردستان، بەڵێن بو کە بۆ ژنان و کچانی ئەنفال ژیانێکی ئینسانی بە دیاری بێنێ، ئاوڕێک لە منداڵانی هەڵەبجە بداتەوە و پێش بە لەش فرۆشی ڕو لە زیاد بوونی ژنانی داماو و لێقەوماوی شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی بگرێ.

چاوەڕوان نەدەکرا ئاوا زوو کە هێشتا پاشماوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە زیندوون، کە هێشتا خوێنی پێشمەرگە بە سەر بەردی چیاکانەوە ماوە، پیاوانی دەسەڵات و قودرەت، دانیشتو لە پارلمان، پشت لە هەمو بەڵێنەکان بکەن و دەورانی تاریک و ڕەشی 1400ساڵ لەوە پێش لە کوردستان بژیەننەوە و شەرعیەتی قانونی بە دامەزراندنی حەرەمسەرا بدەن.

فرەژنی بۆ خراپە و زەرەرەکانی چیە، فەرقی فرەژنی و سیغەگەری شیعەکان چیە و جیاوازی سیغەگەری و لەشفرۆشی لە چیدایە، بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەم نوسراوە کورتە نیە، ئەم بابەتە زۆری لێکۆڵینەوە لەسەر کراوە و کەم کەس هەیە نەزانێ چیە. ئەوەی کە لێرەدا زۆرتر جێی سەرنجە، باس کردن لە فرەژنی و سیغە و لەشفرۆشی نیە، بەڵکو باس لەوەیە کە چۆنە زۆرینەی پارلمانی وڵاتێک پێک هاتو لە ژنان و پیاوان، لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا بە بێ نیگەرانی و ترس، بە سەربەرزیەوە و لە بەردەم مێدیا و کاناڵە تێلێویزیۆنیەکاندا بڕیاری وا دەردەکا. چۆن ژنانی نێو ئەو پارلمانە دەتوانن جارێکیتر پچنەوە نێو ئەو پارلمانە و شان بە شانی ئەو پیاوانەی دەنگیان بەم بڕیارە داوە دانیشن و قسە لە بەرەو پێس بردنی کوردستان بکەن.

هەر چۆنێک بێ، ئێستا بە پێی بڕیاری پارلمان فرەژنی لە کوردستان قانونیە و لەوەبەولاوە هیچ ژنێکی ئەم وڵاتە ئیتمینانی لە چەند مانگی داهاتوی ژیانی خۆی نیە و نازانێ کەی ژنی بەسەر دێ. ئەو نوێنەرانەی کە دەنگیان نەداوە بەو بڕیارە هەمو حەولیان ئەوەیە کە بە دانانی بڕێک سنور لە قورسایی تاوانەکەی پارلمان کەم کەنەوە، بەڵام ئەو پارلمانەی کە

**ئەمڕۆ ئاوا بێپەروا بڕیاری وا لە دژی ژنان پەسەند دەکا بە سنوردار کردن پاشەکشە ناکا بەڵکو لە داهاتودا ئەگەر بۆی پچێتە سەر بە شێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران حیجاب و مەقنەعەش دەکاتە ئیجباری و درگای ڕێکخراوەکانی ژنانیش دادەخا.**

29–10–2008